مجلة قەڵای زانست العلمیة

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چارەسەری رۆژنامەوانی كوردی بۆ قەیرانی ئابوری لە هەرێمی كوردستان

توێژینەوەیەكی شیكاریە بۆ هەفتەنامەی روداو

لە ماوەی نێوان(2017/12/25-2017/1/2).

Kurdish Press Treatment of the Economic Crisis in the Kurdistan Region of Iraq

**دكتۆر صادق حمەغریب حمەصاڵح –**

كۆلیژی ئاداب / زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر

**مامۆستای یاریدەدەر جواد محمد امین عیسا**

كۆلێژی كارگێڕی و ئابوری / زانكۆی لوبنانی فرەنسی

**معلومات البحث**

**تاريخ البحث:**

الاستلام: ٢٠١٩/٢/٢١

القبول: ٢٠١٩/٤/١١

النشر: ربيع ٢٠١٩

**Doi: 10.25212/lfu.qzj.4.2.4**

**پـوختـه**

راگەیاندن كە سەرەتای زانستیی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ پێش زاین تا ئەمڕۆ گۆرانكاری زۆر هاتووە بەسەر ئەرك و رۆڵ و كاریگەریەكانیدا، ئەویش بە پێی جۆری ئامڕازە میدیاییەكە لە لایەك و، ژینگەی كاری میدیایی لە لایەكی ترەوە. نوێترین ئەركی راگەیاندن كە پسپۆڕانی بوارەكە دەستنیشانیان كردووە بریتیە لە رۆڵ و كاریگەری لە كاتی قەیرانە جیاوازەكاندا بە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الكلمات المفتاحية:**

Media, changes, influences, media, crisis, solution, media management crisis, Kurdish press, economy, Kurdistan Region.

ئامانجی چارەسەر کردن و کۆتایی پێهینانیان لە ڕێگەی پرسەی(بەڕێوەبردنی میدیایی قەیران)ەوە، ئەو ئەرکەی کە بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، ئەویش چۆنیەتی چارەسەرکردنی رۆژنامەوانی کوردیە بۆ قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.

لەم توێژینەوەیەدا هەفتەنامەیەکی دیاری کوردی دەستنیشان کراوە بۆ زانینی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی ئەرکی چارەسەری میدیایی قەیرانی ئابوری هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە سێ بەشی سەرەکی لەخۆدەگرێت، لە بەشی یەکەمدا باس لە میتۆدۆلۆجی کراوەو، کێشەو ئامانج و گرنگی توێژینەوەکەو جۆرو رێبازەکەی ئاماژەی پێکراوە، لە بەشی دووەمیشداو لە سێ باسدا، جەخت کراوەتەوە لە جۆرو تایبەتمەندی و رەهەندەکانی قەیران و، ئەرکی راگەیاندن لە چارەسەر کردنی قەیرانەکانداو، بنەماکانی کارکردنی ئامڕازەکانی راگەیاندن لەکاتی قەیراندا. لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە چارەسەری رۆژنامەوانی کوردی بۆ قەیرانی ئابوری زانستی نییەو، نموونەی توێژینەوەکە زیاتر ئەرکی روماڵێکی ئاسایی ئەنجام داوە بۆ کەرتە ئابوریەکان و، خۆی لەقەرەی هونەری بنکۆڵکاری نەداوە بۆ دەستنیشان کردنی ریشەی قەیرانەکەو، دواجار خستنەڕوی چۆنیەتی چارەسەرکردن و کۆتایی پێهێنانی..

## پێشەکی

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**کێشەی توێژینەوەکە:**

یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی ئەمرۆی رۆژنامەگەری بریتیە لە چارەسەرکردنی قەیرانەکان لە ریگەی روماڵێکی تایبەت و زانستی و پلان بۆدانراوەوە. کێشەی ئەم توێژینەوەیەش خۆی دەبینێتەوە لە هەوڵی ئاگاداربوون لە چۆنیەتی روماڵی رۆژنامەوانی کوردی بۆ قەیرانی ئابوری لە هەریمی کوردستان، وە زانینی ئاستی پیشکەشکردنی زانیاری پەیوەندیدار بە پرسی ئابوری کە تا هەنووکە بە نارۆشنی ماوەتەوە، بە ئامانجی چارەسەرکردنی، بە ئامانجی هاوکاری کردنی خوینەر بۆ گەیشتنیان بە تیگەیشتنیکی باش لە بارەی قەیرانە ئابوریەکان و چۆنیەتی مامەڵە کردنێکی گونجاو لەگەلیاندا.

**پرسیارەکانی تویژینەوەکە:**

1- جۆری ژانری رۆژنامەوانی روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری کامەیە؟.

2-جۆری کەرتی(القطاع) روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری کامەیە؟.

3- جۆری بواری روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری کامەیە؟.

4- ئاراستەی بواری روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری چۆن بووە؟.

5-رۆژنامەی روداو زیاتر گرنگی بە چ کەرتیکی ئابوری داوە؟.

6-سەرچاوەی زانیاریەکانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان چی بوون؟.

7- ئاستی بابەتیبوونی ژانری رۆژنامەوانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان چۆن بووە؟.

8- جۆری ئاماژەپێدانی چارەسەر بۆ ژانری رۆژنامەوانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان چۆن بووە؟.

ئامانجی توێژینەوەکە:

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- زانینی جۆری ژانری رۆژنامەوانی روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری.

2-ئاگادار بوون لە جۆری کەرتی روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری .

3- زانینی جۆری بواری روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری.

4- دەستنیشانکردنی ئاراستەی بواری روماڵکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری.

5--بەخشینی زانیاری لە جۆری سەرچاوەی زانیاریەکانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان.

6-دەستنیشانکردنی ئاستی بابەتیبوونی ژانری رۆژنامەوانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان.

7- زانینی جۆری ئاماژەپێدانی چارەسەر بۆ ژانری رۆژنامەوانی رۆژنامەی روداو بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان.

گرنگی توێژینەوەکە:

1-گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە توێژینەوەی هاوشێوەی تایبەت بە چارەسەری رۆژنامەوانی(راگەیاندنی نوسراو) قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجام نەدراون.

2-زەمەنی ئەنجامدانی ئەم تویژینەوەیە هاوکاتە لەگەڵ گرنگیدانی میدیایی بە پرسە ئابوریەکان و دەرکەوتنی قەیران و راگەیاندنی تایبەتمەندی ئابوری لە هەرێمی کوردستاندا.

3-چۆنیەتی و شێوازی چارەسەری میدیایی قەیرانە ئابوریەکان لە رۆژنامەگەری کوردیدا دەخاتەڕوو.

4-ئاستی گرنگیدانی رۆژنامەگەری کوردی بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوریەکان روندەکاتەوە.

5-شێوازی چارەسەر کردنی رۆژنامەوانی قەیرانی ئابوری لە هەریمی کوردستانداو، لە ریگەی شیکاری ناوەرۆك بۆ هەفتەنامەی روداو پیشان دەدات کەگرنگیەکی زۆری دەبێت بۆ بەرەوپیش بردنی بوارەکە.

توێژینەوەکانی پێشتر

1-توێژینەوەی(أسامه غازی المدنی)لە سعودیە کە ساڵی 2009ئەنجامی داوە، لە شانیشینی سعودیە مەدەنی توێژینەوە لەسەر نموونەی پیاوانی کار ئەنجامدراوە وە توێژێکی ئابووریی بۆ زانینی تێڕوانینیان لە چارەسەرکردنی ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامەوانی سعودیە لەمیانەی قەیرانی ئابووری و گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کەوا %65 کۆی گشتی نموونەکان چاودێری  یا خود( متابعەی) ناوەڕۆکی ئەو بابەتانە ناکەن  کە لە ماڵپەڕەکاندا هەن  بەهۆی کەمی کات و نەبوونی جدیەت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەر(المدنی، 2009).

2- توێژینەوەی(نواف سلگان العتیبی)کە سالی2015، لە وڵاتی کۆەیت ئەنجامیداوە، نەواف تیشکی خستووەتە سەر شیکاری بابەتی هەواڵی ئابووریی لە ڕۆژنامە کوێتییەکان، لە دەرئەنجامی تویژینەوەکەوە بۆی دەرکەوتووە کە رۆژنامەکان لە زۆربەی هەواڵەکاندا بێ لایەن بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانن پێشبینی ڕووداوو ئەگەرەکانی داهاتوو بکەن، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بە بازاڕەوە هەیە(العتیبی، 2015).

3-توێژینەوەی(السید عفیفی عربی)کە ساڵی 1997 لە میسرئەنجامیداوە، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا ڕۆژنامە نیشتیمانییەکانی وەکو ئەهرام و ئەهالی و مایۆ کاریگەریان هەبووە لەسەر ئاراستەکانی سیستەمی سیاسی بۆچۆنیەتی و شێوازی ڕووماڵکردنی بابەتە ئابوورییەکان(عربی، 1997).

توێژینەوە بیانییەکان

1-توێژینەوەی ئێرلەندا: لەبارەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە بڵاوکردنەوەوەی بەرتەسکبوونەوەی سیاسەتی لە دەرئەنجامی قەیرانی دارایی لە جیهاندا لە ساڵی 2008. توێژەر هەڵساوە بە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شیکاریکردن بۆ 431 بابەت و ڕا و ناونیشانی سەرەکی لەسەر سێ ڕۆژنامەی نیشتیمانی لە ماوەی نێوان 2008 – 2012 و گەیشتە دەرئەنجامی ئەوەی کەوا 83% لە بابەتەکان تیشکیان خستووەتە سەر دۆرخی قەیرانی دارایی بەگشتی(Mercille, J. 2013).

2-لە کۆلۆمبیا: توێژینەوەکە تایبەت بووە بە شیکاریکردن بۆ ناوەڕۆکی ئابووری سەبارەت بە نرخی ئاڵوگۆڕی دراو لە بابەت و هەواڵە دەستپێکییەکان لە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەی نیشتیمانی لە ماوەی نێوان 1992- 2009، توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا لایەنگیری هەیە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە گواستنەوەی زانیارییەکان بەهۆی بوونی فشار لەلایەن کومەلەکانی فشار (جماعات الچغگ) لە دابینکردنی ئەو جۆرە زانیاریانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم لایەنە دەکات و پشت بەستنێکی تەواو بەم لایەنە وەك سەرچاوێکی سەرەکی بۆ وەرگرتنی زانیاری (Taborda, R. 2013).

3-لە ئوسترالیا: مۆرای تیشکی خستە سەر لایەنی نەختینە وەك ئەو زمانەی کەوا سیاسەتمەداران بەکاریان هێناوە لە ماوەی قەیرانی ئابووی جیهانی لە ساڵی 2007 – 2008 کە گفتوگۆ تەلەفزیۆنییەکان و دیدار پەرلەمانی و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانی و لاپەڕەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنییە فەرمییەکاندا هاتوون، گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا ڕووماڵکردنی ڕاگەیاندن بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە سەرەتا لە هەلی دەرکەوتن (فرصه القهور) پاشان بەلاوبۆنەوەی ستراتیژی، و کۆتایی بەرەنگاربونەوەو رەتکردنەوە (Murray, J.C.,2014)

4-لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش تێدیسکۆ و سانشێز کاریان لەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی کردووە لە خستنەڕووی بابەتەکانی پەیوەست بە لایەنی ئابووریی لەمیانەی قەیرانی ئابووریی جیهانی وەکو کورتهێنان لە بوودجەی بازرگانی دەرەکی و کەڵەکەبوونی قەرزەکانی چین لەلایەن ئەمەریکا . هەروەها پێشکەشکردنی زانیارەکانی سەرەکی لە ئاستی پێشبینیکردنی جەماوەر نەبوون ، توێژەران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کەوا هۆکارەکانی ڕاگەیاندن فێڵ لە هاوڵاتی دەکەن لەسەر ئاستی ئابووریی(Tedesco, K., Sanchez, N., 2009).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**جۆری توێژینەوەکە:**

میتۆدی بەکار هاتوو لەم توێژینەوەیەدا بریتیەلە میتۆدی وەسفی، بە بەکار هێنانی ڕێبازی شیکاری ناوەرۆك، بۆ هونەرە رۆژنامەوانیەکانی هەفتەنامەی روداو لە ریگەی ئامادە کردنی خشتەیەکی ناوەرۆك و، بە ئامانجی گەیشتن بە ژمارەو داتا گەلێکی پەیوەست بە چەندایەتی رومالی قەیرانە ئابوریەکان و شرۆڤە کردنیان.

**کۆمەلگەی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بابەتە ئابووریەکانی هەفتەنامەی ڕووداو لەچوارچێوەی ئەو ڕۆژنامانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچن

نموونەی توێژینەوەکە: نموونەیەکی گشتگیرە(الحصر الشامل)بۆ سەرجەم بابەت و هونەرە رۆژنامەوانیە بڵاوکراوەکانی ماوەی نێوان(2017/12/25-2017/1/2) ی هەفتەنامەی روداو، کە 142بابەت و هونەری رۆژنامەوانی لە لاپەرەی تایبەتی ئابوریدا لەخۆدەگرێت.

**ئامرازەکانی توێژینەوە:**

رێکارو ئامڕازی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە، بریتیە لە ئامادەکردنی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆك، کە دە بڕگەی سەرەکی و چەندین پرسیار لەخۆدەگرێت، تا لە ریگەیەوە تویژەران بگەن بە داتاو ژمارەی پێویست و پەیوەست بە ناوەرۆکی توێژینەوەکەو، لە رێگەی شرۆڤەو شیکاریانەوە دەرئەنجامیکی زانستی دەستەبەر بکرێت.

**گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە:**

گۆڕاوی سەرەکی تویژینەوەکە بریتییە لە چارەسەری میدیایی قەیران، کە گۆڕاوی لاوەکی چارەسەری قەیرانی ئابوری و، شێوازی رومالّی ئابوری، ژانرە بەکارهاتووە رۆژنامەوانیەکانی چارەسەرەکە لەخۆدەگرێت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**ڕاستیی و جێگیری توێژینەوەکە:**

أ-راستیی: بە ئامانجی دڵنیابون لە راستیی شیکردنەوەی ناوەرۆك و، زانستی بوونی شێوازو چۆنیەتی ئامادەکردنی شیکردنەوەی ناوەرۆك و، گونجانی لەگەڵ ناوەرۆکی بابەتەکەدا،دوای ئامادەکردنی بڕگەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆك، بە پشتبەستن بە رواڵەت راستیی(الصدق الظاهري)، فۆرمەکە لە لایەن ژمارەیەك پسپۆری راگەیاندنەوە هەڵسەنگاندنیان بۆکراو، پاشان سەرنجەکانیان بە بایەخەوە لە لایەن توێژەرانەوە کرانە ئامڕازی گۆڕانکاری لە بڕگەکان و گۆرانکاریان تێدا کرا، ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی هاوکێشەی پێوەری راستی توێژینەوەو، لەو رێگەیەشەوە رادەی راستیەکە دەرهێنرا کە بریتییە لە (97.45%) کەوا لە روی ززاستیەوە رێژەیەکی پەسەندوو گونجاوە.

ب- جێگیری: جێگیری بۆ شیکردنەوەی ناوەرۆك بە واتای گەیشتنە بە نرخ و نمرەیەکی بەرز لە وردی بواری شیکردنەوەی ناوەرۆك و، دانانی لەژێر یەکە(الفئات)ی بابەتە سەرەکی و لاوەکیەکانی فۆرمی شیکردنەوەکەدا، جێگیری لە رێگەی هاوکیشەگەلێکی زانستیەوە بەدەست دێت، کە پێوانەی جێگیری فۆرمی شیکاری ناوەرۆکیان پیدەکرێت و، لە ئاسانترین و دیارترینیان هاوکیشەی(هۆلستی)یە، کە بۆ ئەم تویژینەوەیە کردیە 87%و، ئەوەش بە رێژەیەکی گونجاو دەژمێردرێت بۆ وەها توێژینەوەیەك.

ج-ئامارشیکاری تویژینەوەکە: توێژەران بە ئامانجی شرۆڤەو شیکاری بەدەست هاتوو لە فۆرمی شیکردنەوەی ناوەرۆکەوە، پرۆسەیەکی ژمیرەیی سادەین پەیرەو کردووە کە خۆی دەبینێتەوە لە دووبارەبوونەوەو رێژەی سەدی، واتە خشتەکانی ئامار بە پێی یەکەو دەستەو دووبارەبوونەوەو رێژەی سەدی رێکخراون.

**چەمکە سەرەکیەکانی تویژینەوەکە:**

قەیران: وشەی "قەیران" هاو واتای وشەی ( Crisis)ی ئینگلیزیە، کە ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (krimean)، بەواتای (To Decide)، واتە چرکە ساتی بڕیاردان ( Decision Moment)، یان کاتی سەختی کە ژیانی کەسێك یان دەزگایەك دەخاتە مەترسیەوە (المكاوي،

**مجلة قەلای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حسن، 2005، ص 48). ئەگەر ریشەی وشە کوردیەکە بگێڕینەوە بۆ وشەو واتا عەرەبیەکەی (ألأزمە) ئەوا دەبینین پیناسەو لێکدانەوەی زۆری بۆ کراوە، فەرهەنگی بەناوبانگی (مختار الصحاح)، ووشەی (الأزمة)ی گێڕاوەتەوە بۆ ریشەی (أزمە) بەواتای نارەحەتی و قاتی و قڕی (الرازی، محمد، 1967، ص 15). فەرهەنگی زمانەوانی (قاموس المصطلحات الاعلامية)، بەم شێوەیە پێناسەی دەکات "قەیران قۆناغێکی دیاری چیرۆك و شانۆیە کە تیایدا هۆکارەکان بە توندی دژی یەك دەوەستنەوە.

**پێناسەی قەیران لە روی ئابوریەوە:**

پسپۆڕانی بواری ئابوری بەمشێوەیە پێناسەی قەیرانیان کردووە"قەیران بریتییە لە پچڕان و دابڕان و شکست لە ئاراستەی گەشەی ئابوریدا، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرهەم و داکشانی ئاستی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی زۆر زیاتر لە ئاستی چاوەڕوان کراو" (هلال، محمد، 1996، ص 51). لە پێناسەیەکی تردا هاتووە کە" بریتی یە لە خاڵی وەرچەرخان، یان هەڵوێستێکی لەناکاو، کە باری ئاسایی پەیڕەو کراوی دامەزراوەیەك تێك دەدات و دەبێتە هۆی لاواز بونی و پێویستی بە هەوڵ و جوڵەوگرنگی پێدانی خێرا هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی و وەستاندنی، هەر لەو ڕوانگەیەوەیە کە قەیران پۆلێن دەکرێت، واتە لەڕوی ڕادەی ئەو گرفتەی دروسی دەکات" (حواش، جمال، 2005، ص4).

-* کاریگەری (التأثیر)، بریتیە لەو گۆڕانکارییەی کە لە وەرگری پەیامێکدا دەردەکەوێت. کاتێك پەیامەکە سەرنجی رادەکێشێت و دەرکی پێدەکات، زانیاری نوێی پێدەبەخشێت و بۆچوونی تازەی لەلا گەڵاڵە دەکات، یان گۆڕانکاری لە ئاراستەو دیدو بۆچوونە کۆنەکانیدا دروست دەکات و رەفتارێکی نوێی پێدەبەخشێت (تمار، ناجی، 2006، ص19).

(دانیاڵ لیفنیستۆن)، ئاراستەیەکی تەواوکاری بۆ ناساندنی چەمکی رۆڵ پێشکەش دەکات، کاتێك لە دوو رەهەندی دەرونی وکۆمەڵایەتیەوە شرۆڤەی دەکات؛ رەهەندی دەرونی بە واتای توانای مرۆڤ دێت، بۆ لێك نزیك کردنەوەی هەڵوێستە دژبەیەکەکان و دروستکردنی هاوسەنگی لە کاتی گۆڕانکاری و سەقامگیری لە ژینگە و کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا. بەڵام لە روی رەهەندە کۆمەڵایەتییەکەوە، گوزارشت کردنە لە کاریگەری بەها و پێوەرەکان، پێیوایە کە سەقامگیری کۆمەڵایەتی پێویستی هەیە بە

گونجانی بۆچونی تاکەکان لەگەڵ داواکاری رۆڵی ئەوانی ترو وێنای تاکەکان بۆ ئەو رۆڵە. لە کۆتاییدا لیڤنستۆن جیاکاری دەکات لە شیکاریەکەییدا بۆ رۆڵ، لە نێوان واتای چەمکی رۆڵ لە روی تیۆرییەوە وەك بیرۆکە و لە رووی جێبەجێکردنەوە کە خۆی لە رەفتاردا دەبینێتەوە (ثامر، علياء، 2008، ص9).

- چارەسەری میدیایی: بریتیە لە شێوازو رێبازێکی تایبەتی روماڵی پرسێکی تایبەت، لە رێگەی یەکێك لە ئامرازەکانی راگەیاندنەوە (الجرادات، عاصم، 2009، ص8).

بەشی دووهەم: راگەیاندن و چارەسەری قەیران

پاری یەکەم: چەمك و جۆرو رەهەندەکانی قەیران

1-1-: پیناسەو چەمکی قەیران

قەیران چەمکێکی کۆنە، ریشەی مێژویی دەگەڕێتەوە بۆ پزیشکە گریکەکان، وەك خاڵێکی وەرچەرخان لە نەخۆشیی مرۆڤدا ئاماژەی پێکراوە، بە واتای چرکە ساتی گۆڕانکاریەکی چارەنووسساز لە ژیانی نەخۆشدا، یان گۆڕانکاریەکی جەوهەری و لەناکاو لە جەستەی مرۆڤدا ( Ronal d. J and Car y. L, 2000, P7). لە پرسە تراژیدیە گریکیە کۆنەکاندا، قەیران بریتییە لە هەڵویستێك کە پێویستی بە دروستکردنی بڕیاری خێرا هەیە، قەیرانەکان خاڵی وەرچەرخانە مێژووییەکانن، کە بڕیارو بژاردە مرۆییەکان تیایدا توانای گۆڕانکاری بنەڕەتی و ریشەیی هەیە لە ئاییندەدا (محمد، عامر، 2006، ص31). بەکاربردنی چەمکی قەیران لە بوارە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا مێژویەکی دێرینی هەیە. لە یۆنانی کۆندا چالاکیەکانی پەیوەست بە دادگاو داوەریکردن ( Kr i s i s) و بەڕێوەبردنی حکومەت (Kr at ei n)، بەشێوەیەك ئاراستە دەکرا کە بە دیدی (ئەرستۆ) ئەو کەسەی لەم بوارانەدا کاری بکردایە بە هاوڵاتی سیاسی دەناسێنرا. تا چەرخی رۆشنگەری واتای قەیران لە لایەکەوە بە واتای "جیاوازی" و لە لایەکی ترەوە بە واتای بڕیاردان لە بارەی ئەنجامێکی دڵنیاوە هاتووە، کە لەوانەیە بڕیارەکە یاسایی و سیاسی و ئابوری یان کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئیتیکی). بوو بێت (نصراللهی، اکبر، 2015، ص18). لەچەرخی شازدەهەمەوە، چەمکی قەیران بە روونی لە فەرهەنگە زمانەوانیە پزیشکیەکاندا بەکار هاتوەو لە چەرخی حەڤدە هەمیشەوە واتاکەی گۆڕاوە بۆ پەیوەندی ئالۆزی نێوان حکومەت و کەنیسەو لە چەرخی نۆزدە هەمیشەوە چەمکی قەیران وەك ئاماژەیەك بۆ گرفت و چرکەساتی گۆڕانکاری مەترسیدار لە بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا بەکار هاتووە (جاد الله، محمود، 2000، ص8). وەك

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پشتڕاست کردنەوەیەك بۆ بەکارهاتنی ڕۆژنامەوانی چەمکی قەیران لە چەرخی هەژدەهەمەوە لە بواری سیاسی و سەربازیدا، ئاماژە دەکەین بە (تامس پیسن)* ی ئەمریکی کە لە بڵاوکراوەیەکیدا بە ناوی (The Crisis)، شرۆڤەو شیکارو لێکدانەوەی بۆ ڕوداوەکانی شۆڕشی ئەمریکای دەکرد لە کۆتایی چەرخی هەژدەیەم و ڕەخنەی لە بارەیەوە بڵاودەکردەوە (نصراللهی، اکبر، 2015، ص19).

## 1-2-جۆرەکانی قەیران

زانایان و پسپۆڕانی بواری قەیران و کارگێڕی قەیران بە چەندین شێوە جۆرەکانی قەیرانیان پۆلێن کردووە، ئەویش لە سۆنگەی جۆرو جیاوازی ئەو قەیرانانەی کە لە دامودەزگا و ڕێکخراو و پێکهاتە جیاواز و سەرەکیەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، توێژەر هەوڵ دەدات کە ئاماژە بە هەندێك لەو پۆلێنکردنانە بدات، وەك: جۆری قەیران لە ڕووی بوار و ناوەڕۆکەوە، کەبەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن کراون (سلیقە، رواد، 2014، ص37ـ38):

1ـ2ـ1ـ قەیرانی کارگێڕی: بریتییە لەو جۆرە قەیرانەی لە کۆمپانیاو دامەزراوەیەکی گشتیدا دروست دەبێت، وەك مانگرتنی گشتی و کارنەکردنی فەرمانبەران، یان بڕیاری هەڵە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی قەیران.

2ـ2ـ1ـ قەیرانی کۆمەڵایەتی: وەك بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژی دژ بە ژنان، لە کاتی شەڕدا، قەیرانی بەهاو دادپەروەری کۆمەڵایەتی و. ..هتد.

3ـ2ـ1ـ قەیرانی دەروونی: هەستکردن بە بێ هیوایی، خەمۆکی، بێمتمانەیی لە کاتی شەڕدا.

4ـ2ـ1ـ قەیرانی سیاسی: وەك قەیرانی بەشداری سیاسی، پەیوەندی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن.

5ـ2ـ1ـ قەیرانی ئابووری: وەك قەیرانی هاوردەو هەناردە کردنی کاڵاو شمەکەکان و نەوت و قەیرانی وشکەساڵی و هەڵاوسانی بازارو. ..هتد.

6ـ2ـ1ـ قەیرانی ئاسایش: وەك کوشتنی بەرپرسە باڵاکان، ڕفاندنی فڕۆکەو کردە تیرۆریستیەکان و تەقینەوە خۆکوژیەکان و...هتد .

---

* تامس پیسن, نوسەرو ڕۆژنامونووسێکی ناوداری چەرخی هەژدەیەمی ئەمریکا بووە, لە نێوان ساڵانی (1737-1809)دا ژیاوە, لە پێشەنگەکانی ڕەخنەی ڕۆژنامەوانی و ڕۆوژنامەوانی سیاسی و سەربازی بووە.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7.2.1ـ قەیرانی ژینگەیی: وەك پیسبوونی ژینگە، بۆ هۆی زیادبوونی رێژەی دووهەم ئۆكسیدی كاربۆن لە هەوادا (كامل، عبدالوهاب، 1999 م، ص 186) .

3-1-رەهەندەكانی قەیران (أبعاد ألأزمە)

هەموو قەیرانێك بە جیاوازی جۆر و تایبەتمەندیەكانیەوە چەندین رەهەندی گرنگ و رووگەی سەرەكی لە خۆ دەگرێت، پسپۆڕانی بواری قەیران بە گشتی چەند رەهێندێكیان دیاری كردووە، كە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەكەین (الرهوان، محمد، 2004، ص99):

یەكەم: رەهەندی كات: ئەم رەهەندە كاتی سەرهەڵدانی قەیران و قۆناغەكانی ئێستا و ئایندەی قەیران لە خۆدەگرێت و رۆڵی دەبێت لە داڕشتنی سیاسەت و رێكاری گونجاودا بۆ چارەسەری ریشە مێژووییەكانی قەیران و چۆنیەتی رووبەروبوونەوەی لە ئێستا و ئایندەدا.

دووهەم: رەهەندی بابەت: ئەم رەهەندە جۆری قەیرانەكە لە روی ناوەرۆكەوە دەستنیشان دەكات. قەیرانەكان لە روی بابەتەوە جیاوازن، وەك: (سیاسی، سەربازی، ئابوری، كۆمەڵایەتی... هتد)، وە هەر یەكێكیش لەو بوارانە رێكارو پلانی تایبەتی خۆیی هەیە بۆ بەرێوەبردن.

سێهەم: رەهەندی كاریگەری: ئەم رەهەندە ئاست و جۆری كاریگەریەكانی قەیران لە سەر كۆمەڵگە دەستنیشان دەكات. كاریگەری قەیرانەكان بە پێی جۆرو چۆنێتی دروستبوونیان جیاوازە، لە روی ئەو جیاوازیەوەیە كە پلانی پێشگیری و رووبەڕووبوونەوەو كۆتایی پێهێنانیان بۆ دادەنرێت .

چوارەم: رەهەندی شوێن: ئەم رەهەندە شوێنی سەرهەڵدانی قەیران و ژینگەكەی دیاری دەكات، ئەو شوێنانە دەستنیشان دەكات كە كاریگەری قەیرانەكە دەیانگرێتەوە.

پێنجەم: رەهەندی مرۆیی: ئەم رەهەندە سەرجەم ئەو كەس و لایەنانە دیاری دەكات كەبە راستەوخۆ، یان ناراستەوخۆ قەیرانەكە دەیانگرێتەوە، چ وەك كەس و لایەنی خوڵقینەری قەیران، یان زەرەرمەندبووان بە هۆی قەیرانەكەوە، وە زانیاری پێویست لەبارەیانەوە كۆدەكاتەوە.

حەوتەم: رەهەندی ژینگەیی: مەبەست لەم رەهەندە ئاگاداربوونە لە بارودۆخ و كەشی بەدیهێنەری قەیران، هەروەها ئاگاداربوون و ناسینی هۆكارە ژینگەییە جیاوازەكانی سەرهەلدان و بەردەوامبونی قەیرانەكە لە ئێستاو ئایندەدا (الرهوان، محمد، 2004، ص103).

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شەشەم: ڕەهەندی ئابوری: هەموو قەیرانێك بە جیاوازی جۆرەکەیەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لە سەر جوڵەو گەشەی ئابوری ژینگەی سەرهەڵدانی(الويلى، 2011م، ص16) .

پاری دووهەم: ئەرکی ڕاگەیاندن لە چارەسەری قەیراندا

یەکەم: پێدراوەکانی (المعطيات) ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چارەسەری قەیراندا

کارکردی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردن و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکاندا، پەیوەستە بە ژمارەیەك پێدراوەوە، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت (صادق محمد، عادل، 2007م، ص20):

1ـ1 میدیای هاوچەرخ بە هۆی زۆری و گەشەکردنی لە ڕادەبەدەریەوە، ڕکابەری و کێبەرکێیەکی بەرچاوی هێناوەتە ئاراوە، هاوکات تەکنۆلۆجیای نوێی گەیاندن، هەلی هەڵبژاردنی زیاتری بژاردەکانی بۆ وەرگر ڕەخساندووە، تاك ئابلۆقە دراوە بە ئامرازی میدیای نیشتمانی و جیهانی، هەر ئەوەشە ڕۆڵی میدیای لە بەڕێوەبردنی قەیرانەکاندا بەرجەستە کردووە.

2ـ1 قەیران ترس و دڵەڕاوکێ و نا ئارامی دەسازێنێت و تۆخی دەکاتەوە، پێویستی هەستکردن بە ئاسایش لە ناخی تاکەکاندا بەدی ئەهێنێ و هاوڵاتی خواست و پێویستی بۆ بە دەستهێنانی هەواڵ و زانیاری زیاد ئەبێت، جۆرێك لە خواستی گشتی بۆ زانیاری نوێ و هۆشیاکردنەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگەدا حزور پەیدا دەکات، ئەو خواست و ئارەزوەش تەنها لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دێتە دی، کە بە فاکتەرێکی سەرەکی بەڕێوەبردنی قەیرانەکان دادەنرێت.

3ـ1 ڕاگەیاندن هاوکاری نێوان هێزە چالاکەکانی کۆمەڵگە زیاد دەکات. لە سیستەمە فرە حیزبیەکاندا، خاوەندارێتی و بایگراوەندی دارایی و فیکری و میدیای دەگەڕێتەوە بۆ هێزە ئابوریە چالاکەکانی کۆمەڵگە، بەڵام لە سیستەمە تەك حیزبیەکاندا، بە پێچەوانەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی فەرمانڕەوا. بە بواردنی جۆری موڵکداری دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەنووکە ڕاگەیاندن بە ئاست و جۆری ئەرك و بەرپرسیارێتیەکانیەوە دەناسرێتەوە و دەسەڵاتەکەی دیاری دەکرێت. جۆرو شێوازی خزمەتگوزاری و ئەرك و فەرمانە هەواڵیی و زانیاریەکانی و ئەو هێزەی لە پێناویدا کار دەکات، دەرخەری ڕادەی کاریگەریەتی لە سەر جەماوەر، کە لە کاتی قەیرانەکاندا بە تەواوی دەرئەکەوێت(توێژەر).

4ـ1 پاشەکشەی ئەزموونی ڕاستەوخۆی تاك بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هۆشیاری پێویست بۆ دروستکردنی ڕایەکی تایبەت، لە ئەنجامی زۆری پرس و بابەت و پێویستیە میدیاییە زۆرەکانی تاك و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە، ڕۆڵی نێوەندگیری ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی تائاستێك زیاد کردووە، کە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەوترێت ئەوەی میدیاكان بڵاوی دەكەنەوە، دەبێتە بنەمای هۆشیاری و مەعریفەو بەها و ئایدیای جەماوەر، كە دوا جار ئاراستەو هەڵوێست و رەفتاریان دیاری دەكات. دكتۆر (ادیب خضور) ئاماژە دەكات بە كۆمەڵێك پێدراو، كە هەر یەكەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی كاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە سەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانەكاندا، وەك (خضور، ادیب، 2014، ص 73ـ67):

1ـ4ـ1ـ زۆرایەتی و ڕكابەری میدیایی.

2ـ4ـ1ـ سایكۆلۆجیەتی قەیران.

3ـ4ـ1ـ هەڵكشانی گرنگی ڕووگەی میدیایی لە بەڕێوەبردنی قەیرانەكاندا.


4ـ4ـ1ـ پاشە كشەی ئەزموونی ڕاستەوخۆ، واتە ئەزموونی كەسیی ڕاستەوخۆی هاوچەرخی تاكی كۆمەڵگەكان پاشەكشەی كردووە، بە هۆی ئاڵۆز بوونی سەرجەم ڕەهەندەكانی ژیان وسەختی گرتنە بەری ڕەفتارو سلوكێكی تایبەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەكان، بە بێ ڕێنوێنی زانیاری وردو تیمی میدیایی ڕووبەڕوو بونەوەی قەیرانەكان.

5ـ4ـ1ـ چارەسەری میدیای قەیران.

6ـ4ـ1ـ جۆرایەتی و تەواو كاری میدیایی، لە كاتی قەیرانەكاندا، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی و كۆنترۆڵكردنی.

(هێڵكاری پێدراوەكانی رۆڵی راگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانەكاندا) (ئامادەكردنی توێژەر)

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6558 (Print) - ISSN 2518-6566 (Online)




دووهەم: بنەماکانی کارکردن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەکاتی قەیراندا

هیچ دەزگاو کۆمپانیا و ڕێکخراوو حکومەت و کۆمەڵگەیەك نییە، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دووچاری قەیران نەبێت، بە جیاوازی جۆری قەیرانەکانەوە، سەرتایی ترین و گرنگترین کارێك کە لایەنەکانی قەیران و تیمی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان ئەنجامی ئەدەن، کارکردن و هەڵسوکەوت کردنێکی بابەتیە لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا، بە مەبەستی ڕووماڵکردنی ڕووداو و گۆڕانکاریەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ڕاست لە بارەی قەیرانەکەوە، بۆ ئەو مەبەستەش چەندین بنەما وەك هەرچی باشتر کارکردن لەگەڵ ئامرازەکانی ڕاگەیاندندا دەستنیشان کراون لە کاتی سەرهەڵدانی قەیراندا، کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەکرێت(یوسف، محمود، 2005، ص25):

1ـ2. تۆمارکردن و دڵنیابوون لەو زانیاریانەی کە پێویستن، وەك ناو، ژمارەی مۆبایل، ژمارەی فاکسی سەرنووسەر و دەرهێنەر و بەڕێوەبەری دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2.2ـ بە هەند وەرگرتنی کات لە پێدانی زانیاری بە ئامڕازەکانی راگەیاندن و دیاریکردنی جۆری ئامڕازەکەو کاتی بڵاوکردنەوی زانیاریەکان، بە شێوەیەك کە بە خیرایی وەرگر لە گۆڕانکاریەکان ئاگادار بکاتەوەو زۆرترین کاریگەری لەسەر دابنێت.

3.2ـ ئەگەر پێویستی کرد کە پرێس کۆنفراس ئەنجام بدرێت، ئەوا پێویست دەکات، کات و شوێنەکەی و چۆنیەتی ئەنجامدانەکەی بە وردی دیاری بکرێت و پێشوەخت رابگەیەنرێت.

4.2ـ گەیاندنی خێرای هەواڵ و زانیاری پێویست بە ئامڕازەکانی راگەیاندن، بە هەموو جۆرەکانیەوە لە کاتی گونجاودا. کارئاسانی کردن بۆ رۆژنامەنووسان، بە مەبەستی سەردانی کردنی شوێنی رووداوو قەیرانەکەو لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە رەوتی گۆڕانکاریەکان و بەدەست هێنانی زانیاری لە باریەوە (یوسف، محمود، 2005، ص25).

5.2ـ دیاریکردنی وتەبێژی ناوەندی و فەرمی، زەمینە رەخساندن بۆ ئەوەی کە بە ئاسانی رۆژنامە نووسەکان بتوانن سەردانی بکەن و زانیاری پێویستی لێوەربگرن.

6.2ـ ئامادەکردنی وێنەی فۆتۆگرافی و تۆماری ڤیدیۆیی و پێدانی بە رۆژنامەنووسان، وەك هاوکاریەك بۆ دەزگاکانی راگەیاندن پێش ئەوەی خۆیان دەست بەکاربن.

7.2ـ رەچاوکردنی ئارامیی لە گوفتارو کرداردا، لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسانەی کە سلوکێکی دوژمنکارانەیان هەیە و لە رۆژنامەگەری زەردا کار دەکەن و مەبەستیانە زانیاری ریزپەڕ بە دەست بهێنن، نابێت هیچ زانیاریەکی پەیوەست بە پرسە یاساییەکان بڵاوبکرێتەوە، بە رەزامەندی بەشی یاسایی نەبێت.

8.2ـ پێویستە راگەیاندن لە کاتی قەیراندا ئەرکی دیاریکراوی خۆی ئەنجام بدات کە لە لایەکەوە بگونجێت لەگەڵ جۆری قەیرانەکەداو، لەلایەکی ترەوە بگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندیە وەززیفی و جەماوەری و تەکنۆلۆجیکانی خۆیدا(خضور، 1999، ص73).

10.2ـ کارئاسانی کردن بۆ رۆژنامەنووسان، بەو ئامانجەی بتوانن بە سانایی بگەن بە بەرپرسەکان و لێداوانیان لێ وەربگرن بۆ ئەوەی پەنا نەبەن بۆ رێگای نایاسایی بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری لەبارەی قەیرانەکەوە (یوسف، محمود، 2005، ص2)

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | دووبارەو ڕێژەی سەدی / جۆری ژانری ڕۆژنامەوانی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| .1 | هەواڵ | 22 | %15.49 |
| .2 | وتار | *- | *- |
| .3 | ڕاپۆرتە هەواڵ | 36 | %25.35 |
| .4 | ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی | 61 | %42.95 |
| .5 | لیکۆلینەوەی ڕۆژنامەوانی | 21 | %14.78 |
| .6 | چاوپیکەوتنی ڕۆژنامەوانی | - * | *- |
| .7 | لیدوانی ڕۆژنامەوانی | 2 | %1.40 |
| .8 | بنکۆڵکاری ڕۆژنامەوانی | -*- | *- |
| .9 | ستوون | -* | - * |
| .10 | گۆشە | -* | *- |
| کۆی گشتی و ڕیژەی سەدی | | 142 | %100 |

## بەشی سێهەم

## شرۆڤەو شیکاری خشتەکانی تویژینەوە

خشتەی ژمارە(1)جۆری ژانری ڕۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە ڕوندەکاتەو

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(1)دەریدەخات کە جۆری ژانری رۆژنامەوانی(ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی)بە پلەی یەکەم هاتووە بە دووبارەی(61)و، بە رێژەی سەدی42.95، لە پلەی دووهەمدا جۆری ژانری رۆژنامەوانی(راپۆرتە هەواڵ)بەکاربراوە بە دووبارەی(36)و، رێژەی سەدی25.35، لە پلەی سێهەمیشدا ژانری(هەواڵ)رومڵ کراوە بە دووبارەی(22)و،رێژەی سەدی15.49، لێکۆلینەوەی رۆژنامەوانی بە دووبارەی(21)و، رێژەی سەدی14.78پلەی چوارەمی لە خشتەکەدا گرتووە، هەرچی ژانری لیدوانی رۆژنامەوانیە پلەی پێنجەم و کۆتایی هەیە لە بەکارهێناندا، ئەویش بە دووبارەی(2)و، رێژەی سەدی تەنها1.40. هاوکات خشتەکە دەریدەخات کە ژانرە رۆژنامەوانیەکانی وتار، ستون ،گۆشەو بنکۆڵکاری بەکار نەبراون لە روماڵی پرسی ئابوری هەرێمی کوردستان و لە نموونەی توێژینەوەکەدا.

خشتەی ژمارە(2)جۆری کەرتی ئابوری نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو رێژەی سەدی / جۆری کەرتی ئابوری روماڵکراو | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | کەرتی حکومی | 30 | %21.12 |
| 2 | کەرتی تایبەت | 39 | %27.46 |
| 3 | کەرتی حکومی و تایبەت | 28 | %19.71 |
| 4 | کەرتی گشتی | 45 | %31.69 |
| | کۆی گشتی و ریژەی سەدی | 142 | %100 |

خشتەی ژمارە(2)دەریدەخات کە جۆری کەرتی ئابوری روماڵکراو(کەرتی گشتی)بە پلەی یەکەم هاتووە بە دووبارەبوونەوەی(45)و، رێژەی سەدی31.69، لە پلەی دووهەمدا(کەرتی تایبەت)باس کراوە بە رێژەی سەدی27.46، لە پلەی سێهەمیشدا جۆری کەرتی ئابوری روماڵکراو بریتی بووە لە(کەرتی حکومی)و رێژەی سەدی21.12لەخۆگرتووە، هەرچی کەرتی حکومی و تایبەتیشە پلەی چوارەم و کۆتایی لە ریزبەندیەکەدا گرتووە لە روی روماڵ و باسکردنەوەو، لە هەفتەنامەی نموونەی توێژینەوەکەدا.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(3)جۆری بواری روماڵی رۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو رێژەی سەدی / بواری روماڵ | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | بازرگانی | 28 | %19.71 |
| 2. | دارایی و بانك | 16 | %11.26 |
| 3. | عەقار | 4 | %2.81 |
| 4. | وەبەرهینان | 25 | %17.60 |
| 5. | خزمەتگوزاری | 5 | %3.52 |
| 6. | تەکنۆلۆجیاو زانیاری | 2 | %1.40 |
| 7. | وزەو پەترۆڵ | 7 | %4.92 |
| 8. | گەشت و گوزار | 4 | %2.81 |
| 9. | کشتوکاڵ | 27 | %19 |
| 10 | پەروەردەو راهینان | 1 | %0.70 |
| 11 | پیشەسازی | 7 | %4.92 |
| 12 | ئاژەڵ و پەلەوەر | 14 | %9.85 |
| 13 | ژینگە | 2 | 04.1% |
| 14 | کۆی گشتی و ریژەی سەدی | 142 | %100 |

خشتەی ژمارە(3)دەریدەخات کە هەفتەنامەی نموونەی تویژینەوەکە بە پلەی یەکەم دووبارەی(28)و، رێژەی سەدی19.71،بواری بازرگانی روماڵ کردووە، بە پلەی دووهەمیش گرنگی بە بواری کشتوکاڵ داوە بە دووبارەی(27)وریژەی سەدی19. هەرچی پلەی سیهەمیشە بریتییە لە بواری وەبەرهینان و، دووبارەی(25)و رێژەی سەدی17.6لەخۆدەگرێت. لە پلەی چوارەمدا باسی بواری ئاژەڵ و پەلەوەر هاتووە بە ریژەی سەدی9.85، بواری دارایی و بانکیش پلەیپێنجەمی لە ریزبەندی

روماڵکردنەکەدا بۆ خۆی تۆمار کردووە بە دووبارەی(16)و، ریژەی سەدی11.26، دواتر هەردوو بواری وزەو پەترۆڵ و پیشەسازی، بە شێوەیەکی یەکسان و دووبارەی(7)و، ریژەی سەدی4.92، لە ریزبەندی شەشەمدا جێگیر بوون و، بواری خزمەتگوزاریش لە پلەی حەوتەم و بە رێژەی سەدی3.52هاتووە، بوارەکانی نیشتەجی بوون و عەقارو گەشت و گوزاریش بە یەکسانی و ریژەی سەدی2.81و دووبارەی (4)، بە پلەی هەشتەم هاتوون، لە پلەی نۆهەمیشدا خشتەکە هەردوو بواری تەکنۆلۆجیای زانیاری و ژینگەی بە یەکسانی دەستنیشان کردووە بە دووبارەی(2)و ریژەی سەدی1.4، لە پلەی دەیەم و کۆتاییش دا بوارەکانی پەروەردەو راهێنان و گواستنەوەو گەیاندن و ژینگە بە شیوەیەکی یەکسان باسکراون، ئەویش بە دووبارەی تەنها(1)و ریژەی سەدی0.7.

خشتەی ژمارە(4)جۆری بابەتی روماڵی رۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو رێژەی سەدی / بابەتی روماڵ | دوبارە | رێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | پرسی موچە | 5 | %3.52 |
| 2. | نیشتەجێبوون | 4 | %2.81 |
| 3. | باج | 2 | %1.40 |
| 4. | بازاری کار | 54 | %38 |
| 5. | قیست و تەمویل | 2 | %1.40 |
| 6. | ئاسایشی ئابوری | 22 | %15.49 |
| 7. | گەشت و گوزار | 2 | %1.40 |
| 8. | زانیاری راگەیاندنی ئابوری | 9 | %6.33 |
| 9. | پرسی نەوت | 4 | %2.81 |
| 10 | پێشینەی هاوسەرگیری | 1 | %0.70 |
| 11 | سزادانی ئابوری | 8 | %5.63 |
| 12 | مامەڵەی بازرگانی نایاسایی | 3 | %2.11 |

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 13 | پەیوەندی ئابوری ناوچەیی | 9 | %6.33 |
| 14 | پەیوەندی ئابوری نێودەوڵەتی | 6 | %4.22 |
| 15 | پەیوەندی ئابوری عیراقی | 7 | %4.92 |
| 16 | گواستنەوەو گەیاندن | 1 | %0.70 |
| 17 | رێکخراوە خێرخوازیە ئابوریەکان | 1 | %0.70 |
| 18 | دارایی کۆچ و کۆچبەران | 2 | %1.40 |
| | کۆی گشتی و رێژەی سەدی | 142 | %100 |

خشتەی ژمارە(4)دەریدەخات کە هەفتەنامەی نموونەی تویژینەوەکە بە پلەی یەکەم دووبارەی(54)و، رێژەی سەدی38،بابەتی بازاری کاری رومال کردووە، بە پلەی دووهەمیش گرنگی بە بابەتی ئاسایشی ئابوری داوە بە دووبارەی(22)وریژەی سەدی15.49. هەرچی پلەی سیهەمیشە بریتییە لە بابەتی زانیاری راگەیاندنی ئابوری و، پەیوەندی ئابوری ناوچەیی، کە بە یەکسانی و دووبارەی(9)و رێژەی سەدی6.33لەخۆدەگرن. لە پلەی چوارەمدا باسی بابەتی سزادانی ئابووری هاتووە بە ریژەی سەدی5.63 ، بابەتی پەیوەندی ئابوری عیراقی، پلەیپێنجەمی لە ریزبەندی رومالکردنەکەدا بۆ خۆی تۆمار کردووە بە دووبارەی(7)و، ریژەی سەدی4.92، دواتر بابەتی پەیوەندی ئابوری نێودەوڵەتی بە دووبارەی(6)و، ریژەی سەدی4.22، لە ریزبەندی شەشەمدا جێگیر بووە و، بابەتی پرسی مووچەش لە پلەی حەوتەم و، بە دووبارەی(5)و، بە رێژەی سەدی3.52هاتووە، بوارەکانی نیشتەجی بوون و پرسی نەوت، بە یەکسانی و ریژەی سەدی2.81و دووبارەی (4)، بە پلەی هەشتەم هاتوون، لە پلەی نۆهەمیشدا خشتەکە هەرچوار بابەتی باج ، قیست و تەمویل، گەشت و گوزارو کۆچ و کۆچبەران بە یەکسانی دەستنیشان کردووە بە دووبارەی(2)و ریژەی سەدی1.4، لە پلەی دەیەم و کۆتاییش دا بوارەکانی بابەتەکانی پیشینەی هاوسەرگیری، گواستنەوەو گەیاندن، ریکخراوە خێرخوازیە ئابوریەکان بە شیوەیەکی یەکسان باسکراون، ئەویش بە دووبارەی تەنها(1)و ریژەی سەدی0.7.

خشتەی ژمارە(5)ئاراستەی رومالّی رۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو رێژەی سەدی | دووبارە | ریژەی سەدی |
|---|---|---|---|

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | ئاراستەی گەشەی ئابوری | | |
|---|---|---|---|
| 1 | هەلکشانی گەشەی ئابوری | 68 | %47.88 |
| 2 | داکشانی گەشەی ئابوری | 36 | %25.35 |
| 3 | ریکخستنی گەشەی ئابوری | 38 | %26.76 |
| کۆی گشتی ریژەی سەدی | | 142 | %100 |

خشتەی ژمارە(5)دەریدەخات کە هەفتەنامەی نموونەی تویژینەوەکە بە پلەی یەکەم باسی لە هەلکشانی گەشەی ئابوری هەریمی کوردستان کردووە بە دووبارەی(68)و، ریژەی سەدی47.88کە نزیك لە نیوە لەسەدی کۆی روماڵەکە پیك دەهێنێت، وە لە پلەی دووهەمدا باسی لە ریکخستنی گەشەی ئابوری هەریمی کوردستان کردووەو، دووبارەی (38)و ریژەی سەدی26.76ی بۆ تەرخان کردووەو، بە پلەی سێهەمیش باسی لە داکشانی گەشەی ئابوری هەریمی کوردستانی کردووە بە دووبارەی(36)و ریژەی سەدی 25.35.

خشتەی ژمارە(6)جۆری سەرچاوەی رۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو ریژەی سەدی / جۆری سەرچاوە | دوبارە | ریژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | پەیامنێران | 32 | %18.60 |
| 2. | دامەزراوە حکومیەکان | 66 | %38.37 |
| 3. | دامەزراوە حیزبیەکان | 2 | %1.16 |
| 4. | ئاژانسەکان | -* | -* |
| 5. | رۆژنامەکان | -* | -* |
| 6. | گۆڤارەکان | -* | -* |
| 7. | رادیۆکان | -* | -* |

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 8. | کەناڵە تەلەفزیۆنەکان | *- | *- |
| 9. | سۆشیال میدیا | * | * |
| 0 | کۆمپانیاورێکخراوەکان | 14 | %8.13 |
| 1 | بەرپرسانی حیزبی | *- | *- |
| 2 | هاوڵاتیان | 46 | %26.74 |
| 3 | سەرچاوەی ئاماژە پێنەکراو | 12 | %6.97 |
| کۆی گشتی و ڕێژەی سەدی | | 172 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(6)دا دەرکەوتووە کە سەرچاوەی بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە ئابوریەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە دامەزراوە حکومیەکان بە دووبارەی(66)و ڕێژەی سەدی 38.37، وە بە پلەی دووهەم هاوڵاتیان بوون، بە دووبارەی(46)و، ڕێژەی سەدی26.74. هەرچی پەیامنێرانی ڕۆژنامەکەشە پلەی سێهەمیان تۆمار کردووە بە دووبارەی (32)و ڕێژەی سەدی18.6، لە پلەی چوارەمیشدا کۆمپانیاو ڕێکخراوەکان هاتوون کە ڕێژەی سەدی 8.13یان جیگیر کردووە، هەر وەك خشتەکە دەریخستووە، پلەی کۆتاییش بریتییە لە دامەزراوە حیزبیەکان کە تەنها بە دووبارەی(2)و ڕیژەی سەدی1.16بووە. ڕێژەی سەرچاوەی ئاماژە پێنەکراویش بریتی بووە لە دووبارەی(12)و ڕێژەی سەدی6.97. جێی ئاماژەیە کە هیچ یەك لە دامەزراوە میدیاییەکانی وەك: ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن، ئاژانسەکانی هەوال، میدیای ئەلیکترۆنی وەك سەرچاوەی هەوال لە نموونەی توێژینەوەکەدا کەڵکیان لیوەرنەگیراوە.

خشتەی ژمارە(7)جوگرافیای روماڵی ڕۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو ڕێژەی سەدی / جوگرافیای ژانری ڕۆژنامەوانی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | لۆکالی | 25 | %17.60 |
| 2. | کوردستانی | 75 | %52.81 |
| 3. | عیراقی | 15 | %10.56 |
| 4. | هەریمی | 16 | %11.26 |

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 5. | جیهانی | 11 | %7.74 |
| | کۆی گشتی و ڕێژەی سەدی | 142 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(7)ی سەرەوەدا دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە ڕوماڵکراوەکانی نموونەی تویژینەوەکە کوردستانی بوون، بە دووبارەی(75)و، ڕێژەی سەدی 52.81کە زیاد لە نیوەی کۆی نموونەی تویژینەوەکە پێکدهێنێت. لە پلەی دووهەمیشدا هەواڵە لۆکاڵیەکان هاتوون بە دووبارەی(25)و ڕێژەی سەدی 17.60، پرسی ئابوری هەرێمیش بە پلەی سێهەم باسکراوەن بە دووبارەی(16)و ڕێژەی سەدی11.26،  وە دوا پلەش بۆ جۆری ڕومالی جیهانیە کە دووبارەکەی بریتییە لە(11)و، ڕێژەی سەدی تەنها7.74.

(خشتەی ژمارە(8)ئاستی بابەتیبوونی ژانری ڕۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

| ژ | | بابەتیبوون | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|
| | 1. | زۆر لاواز | 23 | %16.19 |
| | 2. | لاواز | 29 | %20.42 |
| | 3. | مامناوەند | 34 | %23.94 |
| | 4. | بەهیز | 41 | %28.87 |
| | 5. | زۆر بەهیز | 15 | %10.56 |
| | | کۆی گشتی و ڕێژەی سەدی | 142 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(8)ی سەرەوەدا دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە ڕوماڵکراوەکانی نموونەی توێژینەوەکە ، بە دووبارەی(41)و، ڕێژەی سەدی 28.87، لە ڕوی بابەتیبوونەوە بەهێز بوون، لە پلەی دووهەمیشدا بژاردەی(مامناوەند) هاتووە بە دووبارەی(34)و ڕێژەی سەدی 23.94، بە پلەی سێهەمیش بژاردەی(لاواز)هاتووە، بە دووبارەی(29)و ڕێژەی سەدی20.42،  لە پلەی چوارمیشدا، خشتەکە دەریخستووە بوارو بابەت و ژانری ئابوری ڕومالکراوی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕوی بابەتیبوونەوە(زۆر لاوازبووە)، بە دوبارەی(23)و ریژەی سەدی16.19، هەرچی پلەی کۆتاییشە بریتییە لە بژاردەی(زۆر بەهێز)، بە دوبارەی(15)و ریژەی سەدی10.56.

خشتەی ژمارە(9)ئاستی ڕاستگۆیی ژانری ڕۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە ڕوندەکاتەوە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| ژ | ڕاستگۆیی | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | زۆر لاواز | 13 | %9.15 |
| 2. | لاواز | 26 | %18.30 |
| 3. | مامناوەند | 37 | %26 |
| 4. | بەهیز | 45 | %31.69 |
| 5. | زۆر بەهیز | 21 | %14.78 |
| | کۆی گشتی و ڕیژەی سەدی | 142 | %100 |

لە خشتەی ژمارە(9)ی سەرەوەدا دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بوارو بابەت و ژانرە رۆژنامەوانیە روماڵکراوەکانی نموونەی توێژینەوەکە ، بە دووبارەی(45)و، رێژەی سەدی 31.69، لە روی راستگۆییەوە بەهێز بوون، لە پلەی دووهەمیشدا بژاردەی(مامناوەند) هاتووە بە دووبارەی(37)و رێژەی سەدی 26، بە پلەی سێهەمیش بژاردەی(لاواز)هاتووە، بە دووبارەی(26)و رێژەی سەدی18.30، لە پلەی چوارمیشدا، خشتەکە دەریخستووە بوارو بابەت و ژانری ئابوری روماڵکراوی نموونەی تویژینەوەکە لە روی راستگۆییەوە(زۆر بەهێز)ە، بە دوبارەی(21)و ریژەی سەدی14.78، هەرچی پلەی کۆتاییشە بریتییە لە بژاردەی(زۆر لاواز)، بە دوبارەی(13)و ریژەی سەدی9.15.

خشتەی ژمارە(10)جۆری ئاماژەپێدانی چارەسەر بۆ ژانری رۆژنامەوانی نموونەی تویژینەوەکە روندەکاتەوە

| ژ | دووبارەو رێژەی سەدی / ئاماژەدان بە چارەسەر | دوبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1. | ئاماژە بە چارەسەر دراوە | 59 | %41.54 |
| 2. | ئاماژە بە چارەسەر نەدراوە | 83 | %58.45 |
| | کۆی گشتی و ریژەی سەدی | 142 | %100 |

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ژمارە(10)کە تایبەتە بە جۆری ئاماژەپێدانی چارەسەر بۆ ژانری رۆژنامەوانی نموونەی توێژینەوەکە، دەریخستووە کە بە دووبارەی(83)و، رێژەی سەدی 58.45لە بوارو بابەت و ژانرە رۆژنامەوانیە ئابوریەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە چارەسەر نەدراوە، زیاد لە نیوەی کۆی پرسە رومالْکراوەکان پێکدەهێنێت، لە بەرانبەردا بە دووبارەی (59)و رێژەی سەدی41.54ئاماژە بە چارەسەر دراوە.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

1- زۆرترین جۆری ژانری رۆژنامەوانی رومالْکراوی هەفتەنامەی روداو بۆ پرسی ئابوری بریتی بووە لە ریپۆرتاژی رۆژنامەوانی کە بە رێژەی سەدی42.95، ژانرەکانی راپۆرتە هەوال، هەواڵ، لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی و لێدوانی رۆژنامەوانی بەکاربراون و هیچ یەك لە ژانرەکانی تریش بەکار نەبراون.

2- توێژینەوەکە دەریخستووە کە جۆری کەرتی ئابوری رومالْکراو(کەرتی گشتی)بە پلەی یەکەم هاتووەو. لە پلەی دووهەمدا(کەرتی تایبەت)باس کراوەو، هەرچی کەرتی حکومی و تایبەتیشە ، لە هەفتەنامەی روداودا کەمتر بەکار براون بۆ رومالی قەیرانی ئابوری هەریمی کوردستان.

3- توێژینەوەکە دەریدەخات کە هەفتەنامەی روداو بە پلەی یەکەم بواری بازرگانی رومال کردووە، بە پلەی دووهەمیش گرنگی بە بواری کشتوکال داوە، هەرچی پلەی سیهەمیشە بریتییە لە بواری وەبەرهینان و، دواتر باسی بواری ئاژەڵ و پەلەوەر هاتووە،لە پلەی کۆتاییش دا بوارەکانی پەروەردەو راهێنان و گواستنەوەو گەیاندن و ژینگە بە شیوەیەکی یەکسان باسکراون.

4- توێژینەوەکە دەریخستووە کە هەفتەنامەی روداو بە پلەی یەکەم باسی لە هەلکشانی گەشەی ئابوری هەریمی کوردستان کردووەو، لە پلەی دووەمدا باسی لە داکشانی گەشەی ئابوری هەریمی کوردستان کردووە, لە کاتێکدا کە قەیرانی ئابوری بوونی هەبووەو، زۆرێك لە سێکتەرە ئابوریەکان راگیراون.

5- بە پێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە سەرچاوەی بوارو بابەت و ژانرە رۆژنامەوانیە ئابوریەکانی نموونەی توێژینەوەکە بە پلەی یەکەم بریتی بووە لە دامەزراوە حکومیەکان و، بە

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پلەی دووهەم هاوڵاتیان بوون و، هەرچی پەیامنێرانی ڕۆژنامەکەشە پلەی سێهەمیان تۆمار کردووە.

6- لە تویژینەوەکەدا دەرکەوتووە کە بە پلەی یەکەم بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە رومالْکراوەکانی نموونەی تویژینەوەکە بەهێز بوون، لە پلەی دووهەمیشدا بژاردەی(مامناوەند) هاتووەو، بە پلەی سێهەمیش بژاردەی(لاواز)هاتووە.

7- تویژینەوەکە دەریخستووە کە بە پلەی یەکەم بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە رومالْکراوەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە روی راستگۆییەوە بەهێز بوون، لە پلەی دووهەمیشدا بژاردەی(مامناوەند) هاتووەو، بە پلەی سێهەمیش بژاردەی(لاواز)هاتووە.

8- توێژینەوەکە پیشانی داوە کە لە زۆربەی بوارو بابەت و ژانرە ڕۆژنامەوانیە ئابوریەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا ئاماژە بە چارەسەر نەدراوە، کە زیاد لە نیوەی کۆی پرسە رومالْکراوەکان پێکدەهێنیت، لە بەرانبەردا بە دووبارەی (59)و ڕێژەی سەدی41.54ئاماژە بە چارەسەر دراوە.

9- ڕۆژنامەکە زیاتر هەوال و زانیاری لەسەر پرسی ئابوری بڵاوکردووەتەوەو، وەك قەیران هەوڵی نەداوە رومالی پرسە ئابوریەکان بکات.

**پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:**

1- پێشنیاز دەکەم کە گرنگی بە بنکۆلکاری ڕۆژنامەوانی بدرێت لەبەر ئەوەی لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت ریشەی هۆکاری قەیرانی ئابوری وچۆنیەتی چارەسەر کردنی دەستنیشان بکرێت.

2- پێشنیاز دەکەم کە گرنگی زیاتر بە رومالْی ڕۆژنامەوانی کەرتی حکومی و خزمەتگوزاری بدرێت و، باس لە چۆنیەتی چارەسەر کردنی ئاریشە پەیوەندیدارەکانیان بکرێت..

3- توێژینەوەکە دەریدەخات کە هەفتەنامەی روداو باسی لە سەرپێچیە یاساییە ئابوریەکان و گەندەڵی ئابوری نەکردووە، بۆیە تویژەر پیشنیاز دەکات کە گرنگی بەو پرسە گرنگە بدریت.

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- پێشنیاز دەکەم کە هەفتەنامەی روداو، پلانی هەبێت بۆ رومالی قەیرانی ئابوری و چارەسەر کردنی، لە ریگەی تیمیکی رۆژنامەوانی بەرێوەبردنی قەیرانەکانەوە.

5- پێشنیاز دەکەم کە هەفتەنامەی روداو لاپەرەی تایبەتی ئابوری وەك روبەریکی تایبەتمەند بۆ چارەسەری قەیرانی ئابوری تەرخان بکات لە چوارچیوەی پلانیکی میدیایی رومالی قەیراندا.

6- پیشنیاز دەکەم کە زیاتر رۆژنامەنووس و پەیامنێرەکانی وەك سەرچاوەی سەرەکی بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری تایبەت بە قەیرانی ئابوری بەکار بهێنێت.

7- توێژەر بوونی رۆژنامەیەکی تایبەتمەندی ئابوری بە زەرور دەزانێت، کە وڵاتانی پێشکەوتوی وەك بەریتانیاو ئەمریکا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە تا ئەمڕۆ گرنگیان پێداوەو، لەو رێگەیەوە دەتوانرێت ئەرکی بەرێوەبردنی میدیایی بۆ قەیرانە ئابوریەکان بەرجەستەبکرێت.

8- پێشنیاز دەکەم کە هەفتەنامەی روداو لە ژانرە رۆژنامەوانیەکانیدا زیاترئاماژە بە چارەسەر بکات لە رێگەی سەرچاوەی تایبەت و پسپۆری بوارەکەو رۆژنامەنووسی تایبەتمەندی ئابوریەوە.

## سەرچاوەکان:

### کتێبە عەرەبیەکان

1. -اديب خضور, الاعلام والازمات ،ط1، الاكاديميون للنشر و التوزيع، عمان، 2014.
2. أسامه غازى المدنى , اتجاهات النخبه الاقتصاديه السعوديه نحو معالجه المواقع الصحفيه السعوديه على شبكه الإنترنت للأزمه
3. -جمال حواش، التفاوض في الأزمات و المواقف الطارئة، ايتراك للنشر و التوزيع، القاهرة، 2005.
4. -حسن عماد المكاوى، الاعلام و معالجه الازمات، دار المصرية اللبنانية، القاهره، يناير 2005.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**

مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق

المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩

رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5. -عادل صادق محمد، الصحافة و أدارة ألأزمات: مدخل نظري تطبيقي، ط1، دار الفجر للنشر و التوزيع، القاهرة، 2007.
6. -عبدالوهاب كامل، مبادئ علم النفس بين النظرية و التطبيق ، مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1999.
7. -على بن هلهوول الرويلى،الازمات: تعريفها، ابعادها، اسبابها، جامعه نايف العربيه للعلوم الامنيه، 2011.
8. الماليه العالميه ، جامعه أم القرى ، تم الرجوع إليها بتاريخ 9 يونيو 2015 على موقع الإنترنت, 2009م.
9. -محمد الرهوان، التخطيط المواجهة الازمات والكوارث، دار أبوالمجد للطباعة، القاهرة، 2004 .
10. -محمد بن ابى بكر الرازى، مختار الصحاح، دار الكتاب لعربي، بيروت، 1967.
11. -محمد هلال، مهارات ادارة الأزمات:ا لأزمة بين الوقاية منها و السيرة عليها، ط2، مركز تطوير الأداء و التنمية، الفاهرة، 1996.
12. -محمود جادالله، إدارة ألأزمات، ط1، دار أسامة للنشر و التوزيع، ألأردن، عمان، 2010.
13. محمود يوسف، دور الاعلام في مواجهة الازمات، مجلة الفن الاذاعى، العدد 180، اكتوبر 2005.

**كتێبی فارسی**

1. اكبر نصراللهی، مدیریت پوشش خبری بحران در رسانه‌های حرفه‌ای، چاپ اول، تهران، 2010.

**كتێبی ئینگلیزی**

1. Ronald. J . & Cary. L، The Organization In Crisis ، Black Well، Massachusetts ، 2000. Charles Baubion ، Strategic Crisis Management ، July، 2013 ، p6.www. Oecd .org /gov//risk / strategic – Crisis – management . paper –July-2013.
2. Mercille, ,J. (2013). European Media Coverage of Argentinas Debt Default and Recovery: Distorting the Lessons for Europe, Third World Quarterly, 34 (8), 1377 – 1391.

**مجلة قەڵای زانست العلمية**
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

3. Taborda, R. (2013).Bias in Economic News: The Reporting of Nominal Exchange Rate Behavior in Colombia. Economica, fall, 103 – 151.

4. Murray, J.C. (2014). Framing and Blaming in Times of Economic Crisis: The Rise and fall of the Rudd Recession, Journal of Language & Politics, 13 (4), 814 – 836

5. Tedesco, K., Sanchez, N. (2009). Making sense of Economic News in the Media. 6.Northeast Business & Economics Association Convention, Worcester, 5 – 7 November.

**تویژینەوە عەرەبیەکان**

1. ناجي تمار، تأثير برامج الأطفال في التلفزيون الجزائري علي معلومات تلاميذ الطور الثاني من التعليم الاساسي، رسالة دكتوراه الدولة في علوم التربية،جامعة الجزائر، كلية علوم الانسانية و الاجتماعية، قسم علم النفس و علوم التربية، 2006.
2. السيد عفيفى عربى ( 1997 ) : المعالجه الصحفيه لقچايا الانفتاح الاقتصادى فى الصحافه المصريه، رساله دكتوراه ، غير منشوره(القاهره: جامعه الآزهر، كليه اللغه العربيه، قسم الصحافه والإعلام, 2015م .
3. -عليـاء قاسم ثامـر، دور الصحـــافة العراقية في تشكيل الاتجاهات السياسية لطلبة جامعة بغداد، رسالة ماجستير في ألإعلام(غير منشورة)، جانعة بغداد، كلية ألإعلام، قسم الصحافة، 2008.
4. -عاصم علي الجرادات، معالجة الافلام التسجيلية للصراعات السياسية،سلسلة (سري للغاية)في قناة الجزيرة"انموذجا"، رسالة ماجستير غير منشورة في الاعلام،جامعة الشرق الاوسط للدراسات العليا،كانون الثاني،2009م.
5. نواف سلگان العتيبى: علاقه الآخبار الاقتصاديه بتقلبات سوق المال السعريه : رساله ماجستير ، غير منشوره (القاهره: كليه الإعلام ،جامعه القاهره

مجلة قەڵای زانست العلمية
مجلة علمية دورية محكمة تصدر عن الجامعة اللبنانية الفرنسية – اربيل، كوردستان، العراق
المجلد ( ٤ ) – العدد ( ٢ )، ربيع ٢٠١٩
رقم التصنيف الدولي: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Abstract**

The role of Kurdish Media in solving economic crisis in Kurdistan Region An explanatory study for Rudaw weekly From )2017/12/25-2017/1/2( By Dr. Sadiq Hama Gharib Hama Salih – Salahadin University Asst: Jawad Mohammed Amin Essa – Lebanese French University Summary" The origin of media is back to long time ago and has witnessed massive trends over time in terms of roles and impacts and type of media as well and the environment. The main role of media is its impact during crisis and solving the crisis through (Media crisis management). This is the main subject of this research where how Kurdish media role to solve crisis in the Kurdistan region. For this study we have specified a weekly media for knowing how they work to overcome economic crisis in Kurdistan region. The study consists of three parts, in the first part it is about the methodology including the research problem, objectives and significant. In the second part, has three parts, type, specification and directions of media including role of media in solving crisis, then principles of media during crisis. The research found that the way Kurdish media tries to solve crisis is not based on scientific method, and the sample of the research is for economic sectors and how to solve the economic crisis